# له هونەرەوە بۆ تیرۆر*

**عومەر جەلال**
Omerjelal@yahoo.com



سەرم ببڕە ئا ئەو سەرەم ببڕە
لەسەر ئەم ڕێیەبمنێژە

(لە فۆلکلۆری کوردییەوە)

پار ساڵ گروپێکی میوزکی ئەمریکی هەستان بەکلیپ کردنی گۆرانییەك کە هۆنراوەی ئەو گۆرانییە هێرشێکی گەورەی تێدابوو بۆ دژایەتی عەرەب وئاماژەی دەکرد بە کوشتن و لەناوبردن بە تایبەتی دڵدانەوەی هێزەکانی ئەمریکابوو لە عێراقدا کە چۆن ئیش لسەر کوشتن و لە ناوبردنی هاولاّتی چەکدار و سڤیلی عێراقی بکەن کە ئەمە خۆی لە خۆی دا هەلآیەکی گەورەی نایەوە لە نێوەندی ئەمریکا و رۆژهەلاّتی نێوەراست و رووبەڕووی رەخنە بوونەوە کە بەوەناسرا ئەم گروپە درێژکردنەوەی تیرۆرە و بانگەشەی ناشرین کردنی ئینسان دەکات,ئەمە لە ساتێکدایە کەهەر ماوەیەك لە مەوپێش لەیەکێك لەژمارەکانی رۆژنامەی (شەرق ئەلئەوسەت) کورتەیەك لەنوسراوی کۆمەلێك هۆنراوەی سەربازە ئەمریکییەکان بلاّوبووەوە کەباس لە چەندین غەم و وەڕسی و تەنیای و ترسی پەلامارەکانی چەکدارەکان دەکەن و بەچەند کۆپلە شیعرێك ئەو رووداوانە دەنووسنەوە و لەهەندێك دێڕدا ئاماژەیان بە تیرۆر و کوشتن کردووە.

هونەر و ئەدەب ئەو دوو چەمکەن کە هێند مەبەستیان بەختەوەرەییە بۆ مرۆڤ نیو هێند مەبەستیان گەڕاندنەوە و رازاندنەوەی چەمکی تیرۆر نییە,دەسەلاّتی دیکتاتۆر ئەو دەسەلاّتەیە کە بوارەکانی هونەر و ئەدەب قۆرخ دەکەن بۆ ناشرین کردنی لێبووردەی و پێکەوە ژیان بە ئایدیۆلۆژیانە رەهەندی ئەدەب و هونەر پاوان دەکەن بۆ شاردنەوەی دیوە شاراوەکانی تیرۆر و کوشتن,

وەلێ کێشە لەوەدایە ئەو نووسەر و هونەرمەندانە بەهەر هۆکارێك بێت ئەفراندنەکەیان دەفرۆشن بە دەسەلاّتێك کە تەمەنی ئەو تێکستانە لەسەر تەمەنی ئەو دەسەلاّتە دەوەستێت .لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەر لەسەردەمی پێش زایینەوە تا هەنووکە بەسەدەها هونەرمەند و نووسەر رۆڵی نێگەتیڤیان بینییوە لە درێژکردنەوەی ناکۆکییە ئیتنی و رەنگ و دەنگە جیاوەزەکان,گروپگەلێك لە سپی پێستەکان هونەر و نووسینەکانیان تایبەت دەکرد بۆ دژایەتی رەش پێستەکان و بە پێچەوانەشەوە لە هونەر و ئەدەبدا دەبینرا ئەمە لە لایەك و دژایەتی کردنی نێوانی ئاینەکان و جەنگی بەردەوامیان لە لایەکی دی.ئەو قەڵەمانە تا هەنووکە نەفرەت دەکرێت کەدەیان نووسی بۆ بەعسیزم و نازییەت و فاشیەت.

مێژووی شۆڕشەکان لێوان لێو بوون لە سروودی نیشتمانی و قەشەنگ کردنی هەستی نیشتمانی و تەنانەت زۆسات دەگاتە ئەو دۆخەی جەنگاوەرەکان لەژێر کاریگەری ئەو نووسینانەدا گیانی خۆیان بەخت بکەن زۆرتر لە سەردەمی شاعیرە بەرەنگارییەکانەوە وەك فۆرمێك دەبینرا ,رەهەندەکانی هونەریش بە تایبەت هونەری گۆرانی وتن زۆرجار لەکاتی جەنگەکاندا نمایش دەکرا و کاریگەری گەورەی دەبووە لەسەر گوێبیستەکانی و رەنگدانەوەی دەبوو لە بوونی ئەو مرۆڤانەدا, گەورەترین هەڵەی کۆمەڵگەی سست و گەندەڵ ئەوەیە کە خاوەنی ئەدەب و هۆنەری تایبەتی خۆی نەبێت یان بەمانەیەکی دی ئەدەب و هونەرەکەی شێوێنرا ئیدی بەدەستی خۆی بێت یان هێزە کۆلۆنیاڵەکان

ئەوەی مۆدێرنە لەتەك خۆی هێنای جگە لە پۆزەتیڤیەتی لە پاڵ ئەوەشدا جەنجاڵی و ئالۆزییەکی زۆری پیشکەشی کۆمەڵگە کرد ,بە پێشکەوتنی بوارەکانی تەکنۆلۆژی و فرەیی کەناڵەکانی ( t . v ) و رۆژنامەکان , تیرۆر خۆی ئاوێتەی هەموو بوارەکانی ئەدەب و هونەر کرد چ جای ئەوەی چەندین حیزب ئیشیان لە سەر ناشرینکردنی هونەر و ئەدەب دەکرد و هەماهەنگی چەمکی تیرۆر بوون لەودیوی

تیرۆری جەستەییەوە تیرۆری رەنگ و دەنگ هەیە کە هێزە فەندەمێنتاڵەکان دەستپێشخەر بوون تێیدا.

لە کوردستانی باشووردا لەدەیەی نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا هێزگەلێك لە هونەردۆست وئەدەب دۆست پەیدابوون لەژێر سایەی حیزبدا ,کە تەنیا حیزب کردیانی بە هونەرمەند و نوسەر بەمەبەستی گەڕاندنەوەی شکۆ و گەورەیی بۆ ئایدیۆلۆژیای حیزب,ئیدی لەو کاتەوە هونەر و ئەدەب فۆرمێکی ناشرینی وەرگرت کە زۆرجار رەنگەکان لە شێوە کاریدا قەدەغە دەکرا لە هونەری گۆرانی وتندا دژیەکیەی تەواو دەبینرا هونەرمەندانی دوو شار یان نووسەرانی دوو شار جۆرێك لە دانپێدانان و گرنگیان بە کاری یەکتر نەئەدا,ئەوەمان نابێت یادچێت زۆرینەی ئەو کەسانەی کە خۆیان بە هونەرمەند و نووسەر دادەنا هاوسۆزییەکی حیزبییانەیان هەبوو,بۆ وێنە لە سلێمانی رۆژنامە هەبوو رێگای لە بلاوکردنەوەی قەڵەمی زەرد دەگرت بەدەر لە بوارە سیاسیەکەی بە هونەر و ئەدەبەوە بەهەمان شێواز قەڵەمی سەوز جێگای نەدەبووەوە لە هەولێر .

ئەوەی کە هونەر و ئەدەب بە مرۆڤایەتیان بەخشیوە جودایە لەو شێوازە بەکارهێنانەی کە لە لایەن دەسەڵات گەلێکەوە بە کاردەهێنرێن بۆ ویست و ئارەزووی خۆیان,ئەوەی مرۆڤایەتی تووشی شۆك دەکات کەسێکی وەك (سەدام حسێن) ی گەورە دیکتاتۆرە کەخۆی بەنووسەر زانییەوە و لەم ماوەیەدا چەند نهێنییەکی بەر لەسێدارەدانی بەماوەی هەفتەیەك لە ئینتەر نێت بلاوکرایەوە کە (جۆرج پیرۆ) ی لێکۆڵەری ئەمریکی بەرەگەز لوبنانی لە کتێبێکدا بلاویکردەوە باس لەوەدە دەکات کە سەدام حسێن رۆژانە دوو پارچە شیعری دەنووسی و هەندێکیان دژی هاوکارەکانی (f.b.i) یە و ئەوی دیکەیان بۆ خۆشەویستی .

هەرچەندە دیکتاتۆرەکان یەکێك لەو هۆکارانەی کە بۆ پاراستنی دەسەڵات و دیوی دەرەوەی خۆیان بەکاریانهێناوە پەنا بردنە بەر نووسین و گرنگی بەهونەری پەیکەرتاشی کە بۆ درووست کردنی پەیکەرەکانی خودی دیکتاتۆر و سیخناخ کردنی شەقامەکان بە وێنە و هێڵ کە هێمابێت بۆ شکۆی سەرکردە .,بێگومان درووستکردنی پەیکەری سەرکردە و بلاوکردنەوەی وێنەکانیان یەکێکە لەو هۆکارەی کە هێمایەکە بۆ شکست و رووخانی ئەو دەسەڵات و دیکتاتۆرە کە مێژوو تەژیە لەو نموونە زیندووانە.

ئەوەی کە گرنگە ئەمڕۆ ئەدەب و هونەری کوردی خۆی لێ بەدوور بگرێت ئاوێتەنەکردنی تیرۆر و توندوتیژیە بەئەدەب و هونەرەکەی .ئیشی ئەدەب و هونەر بۆ ئاشتکردنەوە و لێبووردەی و مرۆڤەکانە نەوەك بۆ درێژکردنەوە و چاندنی ئیرەی و یەکدی پەسەند نەکردن.

---

*لە هەفتەنامەی هاوڵاتی ژمارە (379) بلاوبووەتەوە